# ئەفسووس

عەلی نارێنی

بۆ مێژووی ئەگێڕمەوە
نیسانی ساڵی هەشتاو هەشت
بە بەر چاوە تیژو گەورەکانی خواوە
بە بەر عەدەسەی دووربینەکەی
نەتەوە یەکگرتووەکانەوە
زەق زەق بە بەر چاویلکە تۆزلێنیشتوەکەی
مافی مرۆڤەوە
لە پێش لووت وریشی بۆزی خادیمەکەی
ماڵی خێرولئەنام وخادیمەکەی کەعبەوە
لە بەر دەستی سموو جەلالەو سیادەو فەخامەکانی
ولآتی فتوحاتی
تولحەو وەقاس وکولەیبەوە
بە بەر چاوی هاوسێ ودراوسێ و
گەورەو بچووکی ولآتانی جیهانەوە
هەرچییەکیان هەبوونەبوو
بۆ ئەنفال وکوردقڕان وغەنیمە
سازیانکردوو..........
روویانکردە ولآتی نالی ومەولەوی
نیازیان بوو ولآتێك و.......
میللەتێك و....
مێژوویەك ..........
لەم هەرێمەدا بسڕنەوە
چییان ویست وایانکردو...
چۆنیشیان ویست
حەشری کورد لەو رۆژەدا ئاوا بوو
کەچی ئەفسووس

**ئەفسووس**

**ئەفسووس**

**ئەو مەرگەساتە گەورەیە**

**نە کەس چاوی ئەیبینی و...**

**نە کەسێکیش گوێی لێبوو**

2005/4/15